## حامید موحەمەدیان:

# گۆرانی نەمر بەبێ کلیپیش، گوێگری بەردەوامی دەبێ



هونەرمەندی لاو، دەنگخۆشی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان (حامید موحەمەدیان) لەدایکبووی ساڵی (1980)یەو لە ساڵی (2000)ەوە دەستی بەکاری هونەری‌و مۆسیقاو گۆرانی کردووەو لەساڵی (2003) خەڵاتی چوارەمین ڤیستیڤاڵی مۆزیکی کوردی وەرگرتووەو ساڵی رابردوو یەکەمین بەرهەمی گۆرانی لەستۆدیۆکانی تاران تۆمارکردووەو لەکەناڵی ئاسمانی کوردساتیش کلیپی بۆ کراوەو لەژێر ناوی (حافزی رۆحی پەپولە)یە کە هۆنراوەی هونەرمەندو شاعیر (عەباسی کەمەندی)ەو ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی. لەدیمانەیەکی تایبەتەدا (رۆژی گەل) ویستی زیاتر لەکاری هونەری‌و سەرقاڵی ئێستای هونەرمەند ئاگادار بێت.

پرسیار: سەرەتا دەمەوێ بزانین نوێگەری لەهونەردا لای حامید لەچیدایە؟

وەڵام/ هەر کارێك جوان‌و تازەبێت‌و گوزارشت لەژیان، لەم سەردەمەدا بکات لای من هەڵگری نوێگەریە، هەروەها هیچ کاتێك لەهیچ شتێك رازی نەبووم، هەرکاتێك شتێکم بەدەستهێناوە هەوڵی شتی تازەترو نوێترم داوە، هەرچەندە لەئێستای کارەکانیشم رازی نیم.

پرسیار: دەربارەی کلیپ‌و کاریگەرییەکانی لەسەر بەرهەمی گۆرانی‌و پێتوایە ئەگەر کلیپ نەبوایە ئەو گۆرانیەی تۆ (حافزی رۆحی پەپوولە) هێندە سەرکەوتوو دەبوو؟

وەڵام/ ئەگەر گۆرانی مۆسیقا بەهەر شێوەیەك بێت بتوانێت کاریگەری راستەوخۆ لەسەر بیرو ئیحساسی ئینسان دروست بکات کارێکی جوانە. کلیپ تا ئاستێکی زۆر دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر ناساندنی گۆرانی، بەڵام پێموایە گۆرانی نەمر هەمیشە زیندووەو بەبێ کلیپیش هەردەژی‌و گوێگری بەردەوامی هەر دەبێ.

پرسیار: خەونی حامید لەبواری هونەری گۆرانیدا چییە؟

وەڵام/ جیاڵەوەی دەمەوێ لەدنیای گۆرانیدا سەرکەوتن چنگ بخەم‌و خەونی گۆرانی‌و جوان‌و مۆسیقای جوانە هێندەی دانە بەدانەی مرۆڤەکان لەبیروهزری مندایە بۆ رێزگرتن‌و خزمەتکردن بەسەرجەمی مرۆڤایەتی.

پرسیار: دەربارەی دوا بەرهەمت؟

وەڵام/ ئەم بەرهەمەی لەماوەی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە، یەکەمین سیدی منەو لەهەشت گۆرانی پێکهاتووەو چوار گۆرانیان لەستۆدیۆکانی تاران تۆمارکراوەو چوار گۆرانیشیان لەستۆدیۆی (سەفین ساند) کە خاوەنەکەی کاك سەفین خەراجیانییە، تۆمارکراوەو دابەشکردنی مۆسیقاکەش لەلایەن هونەرمەندی ناوبراوەوە کراوەو لەماوەیەکی کورتدا، رەنگە هەفتەی داهاتووبێت ئەم سیدیە بڵاودەبیتەوە.

**دیداری: باران**

---

## ئایۆنی

### جەبار سابیر



## چوار ( گۆشە )قوڕنە

رۆژی پێنج شەممە شەشی ئەم مانگە چوومە رانییە بۆ گێڕانی کۆڕێك، لەپاسەکەدا پیاوێکی گەدەو گیپاڵ زل کەوتە جنێودان‌و سوکایەتی پێکردن بەو هاوڵاتییە هەژارو بێدەرەتان‌و بێ ئاوو کارەباو سووتەمەنییانەی کەهەفتەی رابردوو لەچوار قوڕنە هەڵیان کوتایە سەر فەرمانگەی کارەباو ویستیان داخی بەرپرسی دزو درۆزن‌و بێ کارەبایی بەو ئامێرانە برێژن‌و گڕی تێبەردەن. کابرا ئەیوت کاکی برا ئاسنە واڵەو عامودی رەق‌و تەق چیبکات کەکارەبا نییە، پازدە ساڵە ئەم وڵاتە گەورە دەبێت‌و کارەبا هەر کارەباکەی جارانە، راستەکات پازدە ساڵە گیرفانی حکومەت‌و حزب‌و دزو جەردەکانی پارەی ئەم وڵاتەی تێدەچێت‌و کەچی کارەباکەش هەر وەکو خۆیەتی، ئاو هەر وەکو خۆیەتی، سووتەمەنی هەرنییە. کابرای زلەش هەر بەرگری لەحکومەت دەکردو دەیوت دەستی حکومەت خۆشبێت بێت ئەو پازدە گەنجەی گرتووە، چونکە ئەوانەو بەعسییەکان جیاوازییان نییە، لای ئەمیش ئەوەی داوای مافێکی سەرەتایی خۆی بکات بەبەعسی حساب دەکرێت.

راستی رووداوەکە ئەوەیە کەلەسەرەتای ئەم مانگەدا کۆمەڵێك گەنج لەداخی بێ کارەبایی‌و گەرمای ئەم دۆزەخی هاوینەو لەداخی ئەوەش کە حکومەت رێك لەکاتژمێر حەوتی ئێوارەو یازدەی شەو کە دوو کات بوون بۆ پێشاندانی یارییەکانی جامی جیهانی ئەمساڵ کارەبای دەبڕی‌و هەندێك جار تا کارەبا دەهاتە بیرت دەچۆوە کە هاندەری کوێ بویت‌و چەپڵەت بۆ کێ لێداوە. ئەو گەنجانەی چوار گۆشە(قوڕنە) چوونەتە بەردەم فەرمانگەی کارەباو وتویانە فەرمانگەیەکی کارەبا نەتوانێ کارەبامان بۆ دابینکات دەیسوتێنین، ئێ راستەکەن گەر فەرمانگەی کارەبا بێت دەبێ کارەبای تێدابێت‌و گەر واش نییە دایخەن‌و برۆنەماڵەوە. ئەمەش وەك نارەزاییەك ئەگین، ئەوان لەوە تێدەگەن ئەو فەرمانگەیە تاوانبار نییە بەڵکو ئەوەی تەحەکوم بەسەر فەرمانگەکەوە دەکات تاوانبارە، بەڵام خۆ چوار قورنە هیچ دامەزراوەیەکی حزبی وەك مەڵبەندو لقی لێنییە تابەسەر بەرپرسەکانیدا بیتەپێنن بۆیە پەلاماری ئاسنەواڵەیان داوە وەك کابرا دەیوت.

بەڵام ئەمە تاسەر بۆ حکومەت‌و حزبی کوردی دەچێتە سەر لەبری وەڵامدانەوەی داخوازی خەڵك بیانگرێت‌و بیانخاتە ئاسایشە باستیل ئاساکانی خۆیەوە.؟ ئایا دەکرێت هەموو داواکردنی مافێك بەخوێن‌و زیندانی کردن‌و تێهەڵدان دوای بێت‌و خەڵکیش دەست بەتاڵ بگەڕێتەوە؟ ئایا رەوایە وەڵامێکی شیاوی خەڵك نادەنەوە بۆ چارەسەرکردنی بێ کارەباو بێ ئاوی‌و بێ سووتەمەنیی‌و بەرهەمەکانی.؟ ئێوە بەنیازن تاهەزار ساڵیتر حوکمی ئێمەی رەشۆك بکەن‌و لەتینوێتی‌و لەگەرماو سەرمادا غەرقمانکەن.؟ ئێوە لەوە تێناگەن کەرۆژێك دێت وەك هەزاران دیکتاتۆرو سەرکردەو بەرپرسی ملهوری گەل‌و نەتەوەکانی تر ماڵەکانتان لێبکرێتە دۆزەخ‌و بۆتان بکرێتە گۆڕستان.

jabardllopa@yahoo.com

---

# پەیکەری رۆناڵدینۆ روخێنرا



پەیکەری رۆناڵدینۆ لەشاری چەپیکۆ لەباشووری بەرازیل وەك هێمای بەتوانایی تیپی میللی بەرازیل دروست کرابوو، بەڵام پاش ئەوەی تیپی بەرازیل ئەمجارەشیان نەیتوانی تۆڵەی خۆی لەتیپی فەرەنسا بکاتەوە، خەڵکی ئەو وڵاتە پەیکەرەکەیان رووخاند.

ئەوەی شیاوی باسە دوو ساڵ لەمەوبەر فیفا نازناوی باشترین یاریزانی جیهانی بەرۆناڵدینۆ دابوو، بۆ خۆیشی وەك خۆشەویسترین یاریزانی جیهان ناسرابوو، بەرازیلیەکان گرەویان لەسەر دەکرد، بەڵام لەو یاریەی کە لەگەڵ تیپی فەرەنسا کردیان، بەخت یار نەبوو، رۆناڵدینۆ گۆڵی بۆ تۆمار نەکراو تیپی بەرازیلیش دۆڕاندی. ئەمە لەکاتێکدا یاریزانانی تیپی بەرازیل بەڵێنیان بەجەماوەرەکەی خۆیان دابوو کە هەم تۆڵەی شکستی 1998 لەفەرەنسا بکەنەوە، هەم یەکەمیش بەدەست بهێنن. رووخاندنی پەیکەری رۆناڵدینۆ لەبەرانبەر بەجێ نەگەیاندنی بەڵێنەکەی یاریزانانی بەرازیل بوو.

---

# کچانی چین حەز لەسەمای رۆژهەڵاتی دەکەن



سەمای رۆژهەڵاتی لەنێو گەنج‌و لاوانی وڵاتی چین (سین)دا بەتایبەتیش لەنێو کچاندا برەوی پەیدا کردووە. ئێستا لەزۆر شوێنی جیاوازدا کۆرسی فێربوونی سەمای رۆژهەڵاتی کراوتەوە، لەنێو هۆڵی وەرزشی زانستگەی پەکین دا، زیاتر لە 100 کچ لەژێر سەرپەرشتی مامۆستای سەمادا رۆژانە راهێنان لەسەر سەمای رۆژهەڵاهی دەکەن.

خاتوو (چیو هوا) کە راهێنەری ئەو کچانەیە رایگەیاندووە کە: لەماوەی نیو ساڵیدا زیاتر لە 600 کچ کۆرسی سەمای رۆژهەڵاتیان تەواو کردووە. راهێنان لەسەر سەمای رۆژهەڵاتی وێڕای ئەوەی تام‌و چێژی خۆی هەیەو جەستە بەهێز دەکات، چەوری لەشیش کەم دەکاتەوە. کچان لەکاتی راهێناندا گوێ لەگۆرانی رۆهەڵاتی، بە تایبەتی گۆرانی عەرەبی دەگرن، لەگەڵ ئاوازو مۆزیکدا سەما دەکەن‌و جەستەی خۆیان دەلەرێننەوە. ئەمساڵ ئەم جۆرە سەمایە باوی هەیە، لەوانەیە ساڵێکی دیکە گۆرانی بەسەر دابێ.

سەرچاوە: ماڵپەری چینا ئۆرگ

---

# خالۆ ئەواکس دەڵێ

* لەئاهەنگێکدا کە لەوڵاتی سوید بەبۆنەی ئەوەی کە تێکۆشەرێکی ناسراو پۆستێکی گەورەی لە هەرێمی کوردستان وەرگرتبوو، لەسەر هەڵنەواسینی وێنەی بەرانبەر ناکۆکی پەیدابوو، ئەوان دەیانگوت بۆ وێنەی ئەوی دیکەی لەگەڵ دانیەو ئەمانیش پاساویان دەهێنایەوە کە لەهەندەراندا وێنەی ئەویان دەست نەکەوتووە. ئەوان بەپەلە چوون وێنەی خۆیان هێنا، بەڵام وێنەکە هێندە گەورە بوو لەهۆڵەکەدا شوێنی نەبۆوە، بۆیە هەڵنەواسرا!!.

* زانیومە پۆستێکی نوێ بۆ رێکخراوە جەماوەرییەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێ، کاندیدی پارتی بۆ ئەو پۆستە هەڤاڵ (ر.س) بوو، یەکێتی پێی رازی نەبوون. کاندیدی یەکێتیش هەڤاڵ (م.خ)بوو، کەچی پارتی رەتیان کردەوە، دواتر هەردوو لایەن لەسەر ناوی کاندیدێك رێککەوتن کە تازە لەلایەنێکەوە هەواری خۆی بۆ ناو پارتی گواستۆتەوە!!.

* لایەنێك دەناسم لەژێرەوە لەگەڵ لایەنێکی دەستەڵاتدار رێککەوتووە کە لەداهاتوودا بارەگاکانی بپێچێتەوەو سەنگەری خەبات بگوازێتەوە!!، کەچی لەو لاوە خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن دادەنێ‌و هەوڵدەدات سەرنجی ئۆپۆزیسیۆنەکان کێش بکات‌و بەرەکەیان لەژێر پێ رابکێشێ!!.

* باسی حکومەتی یاسا دەکەن‌و وا بڵاو دەکەنەوە کە حزب دەست ناخاتە ناو کاروباری حکومەت، کەچی رێکخراوەکانی گەرەك دەستەڵاتی تەواویان هەیەو لەجیاتی ئاسایش لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵك دەکەن، هەندێ جاریش خەڵك لەبارەگای حزب زیندانی دەکەن‌و رێگەش نادەن کەسوکاری سەردانی بکەن!!.

* دەڵێن حزب دەستەڵاتی بەحکومەت داوەتەوە، کەچی ئەندامێکی حزب لەپارێزەرێك دەدات‌و ناگیرێ. ئەفسەرێکی ئاسایش بەشەو هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی هونەرمەندێك‌و بەنوکە دەمانچە سەری کورەکەی دەشکێنێ‌و گاز لەدەستی ژنەکەی دەگرێ‌و کەسیش لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات. دوو ئەندامی حزب بەچەك هەڵدەکوتنە سەر ماڵی خەڵك‌و دەیانەوێ بە زۆر کچێك برفێنن‌و باوکی کچەش بریندار دەکەن، کەچی دەچنەوە فەوجەکەی خۆیان‌و دادگەش دەستی نایانگاتێ!!.

---

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497


پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com